وەزیری دەرەوەی عێراق و هاوتا سعودیەکەی جەختیان لە دوورخستنەوەی مەترسی شەڕ لەسەر ناوچەکە کردەوە

ئەمە پێنجشەممە"فوئاد حسێن"وەزیری دەرەوە،جەختی لەسەر پێویستی هەماهەنگی لەگەڵ ئیاز کردەوە بە لابردنی مەترسی شەڕ لەسەر ناوچەکە.

وەزارەتی دەرەوە لەبەیاننامەیەکدا رایگەیاند:- ئەمڕۆ "فوائد حسێن" جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری دەرەوە، پێیوەندییەکی تەلەفۆنی لەگەڵ شازادە "فەیسەڵ بن فەرحان سعود " وەزیری دەرەوەی شانشینی سعودیە ئەنجامدا.

وەک بەیاننامەکە ئاماژەی پێداوە:- لە میانی پێیوەندییە تەلەفۆنییەکەدا،هەردوولا باسیان لە هەرشی ئەم دواییە بە سەر پێگەیەکی سەربازی ئەمریکی لە ئوردن و کاردانەوەکانی کردووە،ئەوە جگە لە گفتوگۆکردن لەسەر پێشهاتەکان کە پێیوەندییان بە دۆخی ئەمنی و سەربازی ناوچەکەوە هەیە.

جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری دەرەوە جەختی لەسەر پێویستی بەردەوامبوونی پێیوەندی و هەماهەنگی نێوان بەغدا و ئیاز کردەوە لە پێناو دوورخستنەوەی مەترسیی جەنگی سەرتاسەری لە ناوچەکە و پاراستنی ئاسایشی هەردوو وڵات.